گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلە جامعە رابرین
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(12).No(2).Pape21
ڕێـكەوتـی وەرگـرتـن: 02/01/2025
ڕێكەوتی پەسەندكردن: 02/03/2025
ڕێكەوتی بڵاوكردنەوە: 29/04/2025

# ڕۆڵی گوندەکانی گەرمیان لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی باشوری کوردستاندا (1961-1991) گوندی (ئۆمەربل) بە نمونە

**پەرژین جەعفەر حاجی ڕۆستەم[١] - شوان محەمەد ئەمین تەها[٢]**

shwan.taha@su.edu.kur - parzahaji@gmail.com

١+٢بەشی مێژو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە تیشك دەخاتە سەر ڕۆڵی گوندی ئۆمەربل لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی لە باشوری کوردستاندا لە ماوەی نێوان ساڵانی(1961-1991)

ئەم گوندە بەهۆی شوێنی جوگرافی و سروشتەکەیەوە کە بە گرد و دۆڵ و دەشت و دار و باخ و باخات دەورە دراوە، پەناگەیەکی باش بوە بۆ دامەزراندنی بنکە و بارەگاکانی هێزەکانی پێشمەرگە، هەروەها بەهۆی هەستی نەتەوایەتی دانیشتوانی گوندەکەوە بەشێکی زۆریان بونەتە پێشمەرگە و ڕۆڵێکی دیاریان لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی لە کوردستاندا هەبوە.

لەسەرەتای دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلولەوە تاوەکو ساڵی 1991 لەبەر ئەم هۆکارە چەندین جار ئەم گوندە دوچاری هێرش و پەلاماری حکومەتی عێراق بوەتەوە، بەتایبەتی لە ساڵی 1963 هێرشێکی توند لەلایەن هێزەکانی پاسەوانی نیشتیمانی (الحرس القومی) بۆ سەر گوندەکە دەستپێکرد و لە ئەنجامدا دو هاووڵاتی شەهید بون، بەم جۆرە هێرش و پەلاماری سوپای حکومەتی عێراق لە ساڵانی دواتریشدا بۆ سەر گوندەکە بەردەوام بوە بەتایبەتی لە ماوەی ساڵانی هەشتاکان چەندین شەڕ و داستانی گرنگ لەم گوندەدا ڕویداوە و بەرگرییەکی قارەمانانە لەلایەن دانیشتوانی گوندەکەوە دژی زوڵم و زۆرداری سوپای حکومەتی عێراق ئەنجامدراوە، بەڵام لە پرۆسەی شاڵاوی سێیەمی ئەنفالی گەرمیان بەهۆی بڕیار و سیاسەتی حکومەتی عێراق بەرامبەر بە وێرانکردن و ڕوخانی گوندەکانی کوردستان و (نابەرامبەری) هێز و بێدەنگی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی.

ئەم گوندەش وەك یەکێك لە گوندەکانی گەرمیان بەشێکی زۆری دانیشتوانەکەی بەر پرۆسەکە کەوتن کە ژمارەیان (263) کەس بون لە ئەنجامدا بێسەروشوێن کران و گوندەکە تەختی زەوی کرا و ژیان و ئاوەدانی تێدا کۆتاییهات تاوەکو بەرپابونی ڕاپەڕینی بەهاری 1991.

**وشە کلیلەکان:** گوند، ئۆمەربل، شۆڕش، پێشمەرگە، ئەنفال

# The role of Garmian villages in the liberation movement of South Kurdistan (1961-1991)

## (Omerbal village for instance)

Parzhin Jaafar Haji Rostam[1] - Shuan Mohammed Amin Taha[2]

[1+2]Department of History, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract**
This research focuses on the role of Omerbal village in the liberation movement in South Kurdistan between 1961-1991.
This village is surrounded by hills, valleys, plains, trees, gardens and gardens, due to its geographical location and nature, has been a good refuge for the establishment of bases and headquarters of the Peshmerga forces.
Because of the national feelings of the villagers, many of them became Peshmergas and played a significant role in the liberation movement in Kurdistan.
Since the beginning of the September Revolution until 1991, the village has been attacked several times by the Iraqi government, especially in 1963, a fierce attack by the National Guard (Al-Hurs). As a result, two civilians were killed. Thus, the Iraqi government army continued to attack the village in subsequent years, especially during the 1980s, several important battles and stories in this village The villagers have made a heroic defense against the oppression of the Iraqi government army.
However, during the third Anfal campaign in Garmian, due to the decisions and policies of the Iraqi government towards the destruction and collapse of Kurdistan villages and the silence of the international community,
This village as one of the villages of Garmian, a large part of the population was affected by the process, which numbered (263) people were disappeared and the village was flattened and life and prosperity ended until it was established 1991 Spring Uprising.
**keyword**: Village, Genocide, Peshmarga, Revulation, Omarble.

## پێشەكی:

گوندی ئۆمەربل هاوشان لەگەڵ گوندەكانی گەرمیان ڕۆڵێكی دیار و كاریگەریان لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی لە باشوری كوردستاندا هەبوە، گرنگی ئەم توێژینەوە لەوەدایە كە بۆ یەكەمینجار كۆمەڵێك ئامار و زانیاری سەبارەت بە مێژوی گوندی ئۆمەربل و ژمارەی ئەنفالكراوانی دەخرێتەڕو، كە تاكو ئێستا بەشێوازێكی زانستی كاری لەسەر نەكراوە. هەروەها قوڵبونەوەیەكی زانستییە لەسەر مێژوی گوندی ئۆمەربل و ڕۆڵ و كاریگەری دانیشتوانەكە لە بزاڤی ڕزگاریخوازی باشوری كوردستان و هەروەها خستنەڕوی سیاسەتی توندوتیژی حكومەتی عێراق دژ بە گوندەكە و ئاشناكردنی نەوەكانی كورد بەو خەبات و قوربانیدانەی كە دانیشتوانی گوندەكە ئەنجامیانداوە و بەرامبەر بە ڕژێمە یەك لە دوای یەكەكانی حكومەتی عێراق لە پێناو سەرخستنی پرسی نەتەوەیی و داكۆكیكردن لە خەباتی نیشتیمانیدا.

سەبارەت بە ڕێبازی توێژینەوەکە بۆ نوسینی ئەم توێژینەوە هەوڵدراوە سود لە ڕێبازی (وەسفی و کرۆنۆلۆژی مێژویی، مێژوی زارەکی) وەربگیرێت و هەروەها پشت بە ستن بە سەرچاوە و چاوپێکەوتنەکان بەتایبەت ئەوانەی هاوچەرخی ڕوداوەکانن.

سەبارەت بە گرفتەکانی ئەم توێژینەوەیە، کەمی سەرچاوەی پێویست بو لەبارەی گوندەکە بۆیە هەوڵدراوە ئەم گرفتە لە ڕێگەی چاوپێکەوتنەکان لەگەڵ ئەوکەسانەی ڕاستەوخۆ لە نێو ڕوداوەکان ڕۆڵیان هەبوە و دانیشتوانی گوندەکە، یاخود پێشمەرگەی نێو ڕوداوە گرنگەکان بونە چارەسەربکرێت. فەرامۆشکردنی نوسینەوەی یاداشتەکان لەلایەن پێشمەرگەکانی ئەو گوندە گرفتێکی دیکەیە کە ڕوبەڕوی توێژەر بوەتەوە، یاخود هەندێکیان لە ژیان نەماون، یاخود بەهۆی زۆری تەمەنەوە ڕوداوە گرنگەکانی سەردەمی خۆیان لەبیرچوەتەوە، ئەمەش گرفتێکە بۆ نوسینەوەی توێژینەوەیەکی لەم جۆرە، هەروەها بەشێکی زۆر ئەو بەڵگەنامە و نوسراوانەی کە تایبەتن بە سیاسەتی توندوتیژی حکومەتی عێراق بەرامبەر بە دانیشتوانی گوندەکە یاخود چالاکی پێشمەرگەکانی گوندەکە بەشێوازێکی نهێنی بوە و زۆربەیان لەنێوبراون، یاخود ئەرشیف نەکراون.

ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیە لە سێ تەوەر پێکهاتوە، تەوەری یەکەم: هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافی گەرمیان و گوندی ئۆمەربل، تەوەری دوەم: ڕۆڵی گوندی ئۆمەربل لە شۆڕشەکانی ساڵانی 1961-1991، تەوەری سێیەم: ئەنفالی گەرمیان و گوندی ئۆمەربل.

ئەو سەرچاوانەی لەم توێژینەوەیەدا سودیان لێوەرگیراوە چەند جۆرێکن، بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی نوسراوە، وەك بەڵگەنامە، کتێب، ڕۆژنامە، دەستنوس، هەروەها چاوپێکەوتنەکانیش بە زۆری لەگەڵ ئەوکەسانە ئەنجامدراوە کە هاوچەرخی ڕوداوەکان بون و بەشداری ڕاستەوخۆیان لە ڕوداوەکاندا هەبوە یان دانیشتوی گوندەکە بونە. وەك (حاجی جەعفەر، حاجی سەعید محەمەد، حەسەن عەلی فەرەج، سەمەد ئۆمەربلی).

## تەوەری یەکەم: هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافی گەرمیان و گوندی ئۆمەربل

### یەکەم: ناوچەی گەرمیان

گەرمیان ناوچەیەکی فراوان و ستراتیژییە، بەشێکی گرنگ لە باشوری کوردستان پێکدەهێنێت، لەڕۆژئاواوە ڕێگەی نێوان کەرکوك – چەمچەماڵە، لەڕۆژهەڵاتەوە زنجیرە چیاکانی قەرەداغە، لە باشورەوە هەردو شاری کفری و کەلار و ناحیەی قادرکەرەم دەبێتە چەقی دەڤەری گەرمیان، چەندین شوێنەواری مێژوی تێدایە وەك گوندی (چەرمو) لە چەمچەماڵ و شوێنەوارە مێژوییەکانی کەرکوك و کفری (بارام،2007، 47-48)، لەڕوی هەڵکەوتەی جوگرافیەوە پێگەیەکی گرنگی هەیە لەسەر نەخشەی کوردستان و عێراق، هاوسنورە لەگەڵ ناوەڕاست و خواروی عێراق، جگەلەوەی لەڕوی چڕی دانشتوانیشەوە ئەم ناوچەیە تایبەتمەندی خۆی هەیە، بۆ نمونە پێش پەلاماری پرۆسەی ئەنفال بۆ سەر کوردستان ئەم دەڤەرە بریتی بوە لە چەندین قەزا و دەیان ناحیە و نزیکەی 400 گوند(دزەیی،2001، 114). بەشێکی گرنگی ژێرخانی ئابوری هەر سێ پارێزگای کەرکوك و سلێمانی و سەلاحەددینی پێکدەهێنا (مەلاشاخی، 2020، 19)، دەتوانین بڵێین گەرمیان چ لەڕوی جیۆسیاسیەوە چ لەڕوی ئابوریەوە خاوەن کۆمەڵێك تایبەتمەندییە بۆیە هەمیشە گۆڕەپانی ململانێی و مشتومڕ بوە لە نێوان کورد و داگیرکەراندا، دانیشتوانی گەرمیان بەشداری بەرچاویان هەبوە لە هەمو شۆڕش و جوڵانەوە سیاسی و چەکدارییەکانی باشوری کوردستان، ناوچەکە لەڕوی سامانی سروشتییەوە زۆر دەوڵەمەندە بەتایبەتی بونی ڕێژییەکی زۆر لە نەوت و گۆگرد و غاز و ....هتد، هەروەها لەڕوی سامانی کشتوکاڵی و ئاژەڵدارییەوە بەسەرچاوەیەکی گرنگی ئابوری کوردستان دەژمێردرێت.

### دوەم: گوندی ئۆمەربل

ئەم گوندە دەکەوێتە دوری (15)کم لە باکوری شاری (کفری)هوە لەڕوی کارگێڕییەوە سەر بە قەزای (کفری)یە (ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان، 2021، 104)، لە ڕۆژئاوای گوندی (بەلەگە) لە ڕۆژهەڵاتەوە گوندی (فەتاح هۆمەر و بەکرە شەل)، لە باشورەوە گوندی (توکن) و لە باکورەوە گوندی (گۆبان عەرەب) دەوری داوە (حاجی ڕۆستەم، دەستنوس، 10). ژمارەی ماڵەکانی ئەم گوندە لە ساڵانی شەستەکان 60 ماڵ بوە(خەبات، ژ418، 1960/1/30)، بەڵام لە ساڵانی هەشتاکان زیاد بوە بۆ 120 ماڵ(ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان، 2021، 104) سەبارەت بەناوی ئەم گوندە لەناوی عەشیرەتەکەوە هاتوە کە عەشیرەتی ئۆمەربلە (عزاوي، 1947، 187)، چونکە سەرجەم دانیشتوانی گوندەکە لە عەشیرەتی ئۆمەربلن.

ئەم گوندە بۆ یەکەمینجار لە ساڵی 1785زایینی لەلایەن (ڕۆستەم و عومەر) ناوێك ئاوەدان دەکرێتەوە (محەمەد،1ی ئاداری2021) نەوە لە دوایی نەوە لەوێدا دەمێننەوە و بەهۆی بەپیتی خاك و ئاووهەوا کە چەندین سەرچاوەی ئاوی هەبوە کە خۆی دەبینییەوە لە (28) جۆگەی ئاوی و چەندین کانی سروشتی (فەرەج، 22ی شوباتی 2022).

کشتوکاڵ و ئاژەڵداری دو پیشەیی سەرەکی و سەرچاوەی داهاتی دانیشتوانی ئەم گوندە بوە و چەندین جۆری بەرهەمی کشتوکاڵی لەم گوندەدا بەرهەم هاتوە، وەك دانەوێڵە، بەرهەمە پاقلەمەنییەکان و چەندین جۆری سەوزە و میوە (خسرۆ، 15ی ئەیلولی 2024).

دانشتوانی گوندی ئۆمەربل جگە لە کشتوکاڵکردن پشتیان بە (ئاژەڵداری) بەستوە، بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانی خۆیان لەدیارترین جۆرەکانی ئاژەڵ (مانگا و مەڕ و بزن) بوە. هەروەها چەندین جۆری پەلەوەریان بەخێوکردوە وەك: (مریشك و قەل و قاز و مراوی) و سودیان لەبەرهەمەکانیان وەرگرتوە(ڕەسوڵ،4ی نیسانی 2023). لەساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابرو بەرهەمە کشتوکاڵی و ئاژەڵدارییەکانیان سەرچاوەی داهاتی گوندەکە و بازاڕی شاری کفری بوە، هەروەك لە لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی (خەبات) لە دەقی داواکاریی دانیشتوانی گوندەکەدا بڵاوکراوەتەوە، کە تێدا چەند داواکارییەکیان ئاراستەی دامودەزگاکانی حکومەتی عێراق کردوە بەتایبەتی بۆ سەرۆك وەزیران (عەبدولکەریم قاسم-1914-1963)، لە دیارترین داواکارییەکانیان:

یەکەم: دروستکردن و چاکردنەوەی ڕێگەی هاتوچۆی گوندەکە لەگەڵ شاری کفری. بەهۆکاری ئەوەی گوندەکە تاکە سەرچاوەی دابینکردنی میوەی وەرزی شاری کفرییە.

دوەم: دروستکردنی بنکەیەکی تەندروستی بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشەکان و حاڵەتی لەناکاو کە لە گوندەکەدا ڕودەدات.

سێهەم: دروستکردنی بینای قوتابخانەیەکی نوێ بەهۆی ئەوەی بەشێکی زۆر لە قوتابیانی گوندەکە لە خوێندن دورکەوتونەتەوە بەهۆی خراپی بینای قوتابخانەکە(خبات "جريده" ع(418)، 1961/1/30).

**تەوەری دوەم:**

## ڕۆڵی گوندی ئۆمەربل لە شۆڕشەکانی کورد لە ساڵانی 1961-1991

بەهۆی هەستی نەتەوایەتی و هەڵکەوتەی جوگرافی گوندەکە هەمیشە ئەم گوندە لانکەی هێزە چەکدارەکانی پارتە سیاسییەکانی باشوری کوردستان بوە و یەکێك بوە لەو گوندانەی جێگەی متمانەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوە، بۆیە بۆ ئەنجامدانی

چالاکییەکانیان لە سنوری قەزای کفری و هەروەها بۆ پشودان و کۆبونەوەکانیان لەم گوندەدا ماونەتەوە و بەشێکی زۆری دانیشتوانەکەشی بونەتە پێشمەرگە لە نێو پارتە سیاسییەکانی ئەو قۆناغەدا(ئۆمەربلی،1ی ئایاری 2024).

دوای سەرهەڵدانی شۆڕش لە 11ی ئەیلول 1961 بە ڕێبەرایەتی مستەفا بارزانی (بارزانی، ب3، ب1،2020، 11) حکومەتی عێراق کەوتە لەناوبردنی گوندەکانی کوردستان بەپێی ڕۆژنامەی (دەیلی وۆرکەر)ی ئەمەریکی باس لە هەوڵەکانی حکومەتی عێراق دەکات بۆ لەناوبردنی شۆڕش لە باشوری کوردستان بۆ ئەو مەبەستەش پارەیەکی زۆری تەرخانکرد، کە لە ڕێگای بەرکارهێنانی هێزی سەربازییەوە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش بخاتەوە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی ناوەند بۆ ئەم مەبەستەش چەکی قورسی بەکارهێناوە بۆ لەناوبردنی گوندەکانی کوردستان و کوشتنی هەزارەها هاووڵاتی سڤیلی کورد( Daily worker"News Paper"Nember, EQ 1015/83(C)13 february1963/,Daily worker"News Paper" Nember, EQ 101583(e), 16 February 1963)، بەپێی بەڵگەنامەیەکی باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە عێراق ئاراستەی حکومەتی وڵاتەکەی کردوە باس لە تاوانکارییەکانی حکومەتی عێراق دەکات بەرامبەر هاووڵاتیانی کوردستان بە هەزاران هاووڵاتی سڤیل بونەتە قوربانی( BRITISH EMBASSY, 10114/28/63, BAGHDAD, 26February,1963) دانیشتوانی ئەم گوندەش بەشێك بونە لە خەباتی چەکداری لەو شۆڕشەدا، بنکەیەکی پارتی دیموکراتی کوردستان لەگوندەکەدا بونی هەبوە لەلایەن(سابیر فەقێ مستەفا) سەرپەرشتیکراوە و چەندین کەسی گوندەکە پێشمەرگە بونە دیارترین ئەو کەسانەی پەیوەندیان بە شۆڕشی ئەیلول کردوە(شەوکەوت محەمەد ئەمین خەسرۆ، حەیدەر حاجی ڕۆستەم، جەعفەر حاجی ڕۆستەم، حاجی سابیر ئەمین کوێخا، حاجی مەجید سەمین توکن، حاجی ڕەشید حاجی فەرەج، محەمەد ڕۆستەم ئیبراهیم، عەزیز حەوا، حاجی سابیر سەمین، جەلال عەباس ئاغا، عومەر سەدە، عوسمان حەسەن، ڕەمەزان عومەر تۆفیق، سەمەد فەرەج....) (حاجی ڕۆستەم، دەستنوس، 15) ئەم پێشمەرگانە لە چەندین شەڕ و ڕوبەڕبونەوەدا لەگەڵ هێزەکانی حکومەتی عێراقیدا جەنگاون، دوای کودەتای 8ی شوباتی 1963 و ڕوخانی حکومەتەکەی عەبدولکەریم قاسم و هاتنە سەر دەسەڵاتی (نەتەوەخواز و ناسری)یەکان هێزێکی چەکداریان بەناوی پاسەوانی نەتەوەیی (الحرس القومی*) پێکهێنا، ئەو هێزە دەستی کرد بە هەڵمەتێکی فراوانی دەستگرکردن و پەلاماردانی نەیارەکانی حکومەتی کودەتا، ئەمەش بوە هۆی ئەوەی ڕەوشی سیاسی بەرەو نائارامیەکی گشتگیر بچێت بەتایبەتی دوای ئەو هەڵمەتە توندوتیژییەی کە لایەن حەرەس قەومیەکان دەستپێکرد(نوري، 1991، 14)، دەکرێت بوترێ تاوانەکانی هێزەکانی ئەمن و پۆلیس و حەرەس قەومیەکان کە تا 11ی تشرینی دوەمی 1963ی خایاند بەسەردەمێکی تاوانکاری دادەنرێت لە مێژوی هاوچەرخی عێراقدا، چونکە زۆترین تاوانیان دژی ئازادیخوازانی کورد ئەنجامدا(الخفاجي،2015، 19) گوندی ئۆمەربلیش بەدەرنەبو لەم هەڵمەتە لە یەکێك لەو شەڕانەی کە لە مانگی تەموزی 1963 کە حکومەتی عێراقی هێرشێکی بۆ سەر گوندی(ئۆمەربل) بە فڕۆکە و تانك و زرێپۆش دەستپێکرد، هێزەکەی پێشمەرگە کە ژمارەیان نزیکەی (50) کەس دەبون، هەرچەندە بە ژمارە زۆر نەبون، بەڵام بەهۆی بەرزی هەستی نەتەوایەتی و ڕۆحیەتی پاراستنی خاك و زێدی خۆیان ڕوبەڕوی ئەو هێزەی حکومەتی عێراقی بونەوە و لە ئەنجامیشدا دو پێشمەرگە بەناوەکانی (هادی حاجی ڕۆستەم)، (محەمەد مەحمود) کوژراون(فەرەج،22ی شوباتی2022) و چەند پێشمەرگەیەکی دیکە بە دیلی دەکەونە دەست هێزەکەی عێراق و ڕەوانەی زیندان دەکرێن وەك: (حاجی سابیر ئەمین کوێخا، حاجی مەجید سەمین توکن، حاجی ڕەشید حاجی فەرەج)(حاجی روستم، دەستنوس، 14). سەرجەم کار و چالاکییەکانی هێزەکانی پێشمەرگە لەم ناوچەیەدا لەلایەن فەرماندەیەکی هێزەکانی پێشمەرگە بەناوی (عەزیز قازی) سەرپەرشتیکراوە (قازی، 2023، 8).

بەمجۆرە بەشێك لە دانیشتوانی ئەم گوندە لە خەباتی نەتەوایەتیدا لەنێو ڕیزەکانی شۆڕشی ئەیلولدا بەردەوام دەبن، ڕەوشی سیاسی باشوری کوردستان دوای ڕاگەیاندنی بەیاننامەی11ی ئاداری 1970 بەرەو ئارامی دەچێت و بە ماوەیەکی هێمن دادەنرێت. دانیشتوانی ئەم گوندەش بەئاهەنگگێڕان پێشوازیان لەو ڕێککەوتنامەیە کردوە و وەك دەسکەوتێکی نەتەوەیی و نیشتیمانی لێیان ڕوانیوە و ئاشتی و ئارامی باڵی بەسەر گوندەکەدا کێشاوە.

ئەو ڕەوشە سیاسییەش تا 11ی ئاداری 1974 بەردەوام دەبێت، خەباتی چەکداری لە باشوری کوردستان وەستا و گفتوگۆکان لە پێناو ڕێککەوتن و ئاشتی بەردەوام بون، بەڵام بەهۆی پابەندنەبونی حکومەتی عێراق بە بەندەکانی بەیاننامەکە و ڕاگەیاندنی یەکلایەنەی ناوچەی (ئۆتۆنۆمی کوردستان) پەیوەندییەکان تێکدەچێت و شەڕ هەڵدەگرسێتەوە(بارزانی، بە3، ب2، 2020، 153).

دانیشتوانی ئەم گوندەش، لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی نوێدا پەیوەندی بە هێزە چەکدارەکانی ئەم شۆڕشەوە دەکەن و دەبنە بەشێك لە بەرگریکردن و ڕوبەڕبونەوە لەبەرامبەر پەلامار و هێرشەکانی حکومەتی عێراقی بۆ سەر کوردستان، لە دیارترین ئەو داستان و شەڕانەی کە لە سەردەمی شۆڕشی نوێدا پێشمەرگەکانی ئەم گوندە بەشدارییان تێدا کردوە، شەڕی (گوڵان بسکان، قەرەداغ، چەمپەڵك، کفری- سەرقەڵا، توکن- عەزیز قادر، بەکرە شەل، قۆری چای، دێ ڕەزا، فەتاح هۆمەر، قۆین پەڵك، سەید جەژنی، لەك، پیازەجاڕ)(حاجی ڕۆستەم، دەستنوس، 17) بەتایبەتی داستانی گەورەی (ئۆمەربل) کە لە لە18 ی ئاداری 1987 تۆمارکرا لەم داستانەدا هێزەکانی پێشمەرگە سەرکەوتنێکی گەورە تۆماردەکەن (ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان، 2021، 104-105). داستانەدا هێزەکانی پێشمەرگە سەرکەوتنێکی گەورە تۆماردەکەن بە بەشداربونی هەر یەک لە (شەهید صەباح حاجی ڕۆستەم، شەهید مەعاز حاجی روستم، ئەکبەر حاجی ڕۆستەم، حاتەم حاجی ڕۆستەم، جمهور حاجی ڕۆستەم، جەعفەر حاجی ڕۆستەم، شەهید ئەحمەد حاجی ڕەشید، شەهید فاتیح نوری دەروێش، حەسەن حەمید حمەعەلی، قاسم ئەحمەد یارە، شەهید عەلی عارف مەعروف، شەهید سەرتیپ حمە ئاغا، شەهید حەسەن ئەحمەد مەجید، شەهید هیدایەت قادر مستەفا، عەلی سەمین خولە، عەباس مستەفا، ستار ئەحمەد حەمەوەیس، جەبار ساڵح فەرەج، جەبار حاجی مەجید، جمعە مەدحەت غەفور، جەمال مەدحەت غەفور، کامەران سەعید محەمەد، زۆراب عەبدوڵڵا خاوەر، فاتیح مەلا وەهاب، ئیبراهیم ڕەشید، مەلا کەریم، محەمەد مەجید سلێمان، حەسەن قادر ساڵح، وەلید حاجی مەدحەت، نەجات حەسەن لفتی، فاتیح ئیبراهیم عەبدولقادر ) لەم داستانەدا هێزەکانی ڕژێم کە سەرەڕای پاڵپشتی کردنی بە تانک و زرێپۆش کەچی تێکشکان و کشانەوە بەرەو بنکە سەربازییەکانی خۆیان و سەرجەم کەلوپەلە سەربازییەکانیان بەجێهێشت وەک (دەبابە، شۆفڵ، ناقیلە، دۆشکە، کڵاشینکۆف، جیهازی ڕاکاڵ..) ( خەبات "ڕۆژنامە" ژ(6308)، دو شەممە، 412022/11). شایەنی باسە ئافرەتان ڕۆڵێکی گرنگیان لەم شەڕەدا بینیوە لە گواستنەوەی چەك و فیشەك و تەقەمەنی بۆ پێشمەرگەکان و جگە لە دابینکردنی خواردن و خواردنەوە و سەرجەم پێداویستییەکان لە دیارترین ئەو ئافرەتانەش (گەردە محەمەد ئەمین خەسرۆ، سۆبیە محەمەد عەزیز، سەرگوڵ حوسێن حەسەن، جەیران نوری دەروێش، سۆیلە هاوسەری سەباح حاجی ڕۆستەم، سەبریە مەحمود یارە، قەمر حاجی سابیر، نەزمیە هاوسەری عەلی عارف، ڕەسمیە عەلی بتار، ئاسکە ڕۆستەم، ئاواز کامل عەباس، دولبەر حەمەسەعید دارا)(ئۆمەربلی، 2023، 201)هەروەها داستانی زینانە کە لە 30ی نیسانی 1985 ڕویدا(ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، 2021، ل1119) دوای ئەوەی هێزەکانی حکومەتی عێراقی لە دو لاوە هێرشیان بۆ ناو گوندی (زینانە) دەستپێکرد کە پێکهاتبو لە هێزێکی پرچەك و ژمارەیەکی زۆر لەسەرباز هێرشیان بۆ سەر گوندەکە دەستپێکرد، بەڵام دوای ڕوبەڕبونەوەیەکی سەخت و بەرگرییەکی قارەمانانە لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگە توانیان سەرکەوتن بە دەستبهێنن و هێزەکانی حکومەتی عێراقیان

تێکشاند(گوڵاڵەی گەرمیان، 2015، ل37-38)، لە دیارترین ئەو پێشمەرگانەی گوندی ئۆمەربل کە وەك هێزێکی بەرگری و پشتیوانی بۆ دانیشتوانی گوندی زینانە بەشدارییان کردوە، (حاتەم حاجی ڕۆستەم، ئەکبەر حاجی ڕۆستەم، جەلال حەسەن ئاغا، ئەحمەد حاجی ڕەشید، فاتیح نوری دەروێش، ئەمین شەریف، خالید قوڕی چای، ستار ئەحمەد حەمەوەیس)(حاجی ڕۆستەم،15ی حوزەیرانی 2024).

بەمجۆرە چالاکی و خەباتی دانیشتوانی گوندی ئۆمەربل بەردەوام دەبێت تاکو دەستپێکردنی پرۆسەی شاڵاوی ئەنفال و وێرانبونی گوندەکە.

## تەوەری سێیەم: ئەنفالی گەرمیان و گوندی ئۆمەربل

### یەکەم: ئەنفالی گەرمیان

ئەنفالی گەرمیان کە قۆناغی سێیەمی پرۆسەی ئەنفال لەخۆیدەگرێت لە 7ی نیسانی ساڵی 1988 دەستپێکرد و لە 20ی نیسان کۆتایی هات(میدڵ ئیست ووچ، 244-246)، کە سنوری ئەم شار و شارۆچکانەی گرتەوە(خورماتو، کەلار، کفری، سەرقەڵا، تیلەکۆ، پێباز(ساڵح،2004، 24)، نەوجول، قادرکەرەم، چەمچەماڵ، سەنگاو... هتد)، (عەبدە، 2011، 58-59) لەم قۆناغەدا ڕژێم لە چوار قۆڵەوە هێرشی کردە سەر ناوچەی گەرمیان(عەوڵلا، 2023، 47) بەمشێوەیەی لای خوارەوە:

لای باشورەوە لە سنوری شاری کەلارەوە. لای ڕۆژهەڵاتەوە لە ڕێگەی گشتی نێوان کەلار – باوەنور- دەربەندیخان تاوەکو زنجیرە چیای قەرەداغی. لای باکوریشەوە لە زنجیرە چیای سەرگرمەوە، تاکو تەکیە و ڕێگەی سەرەکی چەمچەماڵ. لەڕۆژئاواوە بەڕێگەی سەرەکی کەرکوك – خورماتو تێپەڕ دەبێت تاکو دەگاتە شاری کفری(بارام2007، 49).

سوپای عێراق کاتێك هێرشیکردە سەر ناوچەکانی گەرمیان، نەخشە و پلانێکی جیاوازی لە پرۆسەکانی پێشوتر بەکارهێنا، بەسەرپەرشتی ڕاستەوخۆی (عەلی حەسەن مەجید) و (بارق عبدالله حاج حنطه)(مەلاشاخی،2000، 17) وردەکاری زیاتر و سات بە سات بارودۆخی ناوچەکە و پرۆسەکە بۆ سەروی خۆیان دەخستەڕو کە تێدا خۆی لە چەندین بروسکەی نهێنی و بەپەلەی هەواڵگری سەربازی دەبینێتەوە کە ئاماژە بە وێرانکردنی 400 تا 500 گوندی ناوچەکە دەکەن(کەریم،2015، 70) نەخشەی سوپای عێراق بەجۆرێك بو کە خەڵکی گەرمیان تەنیا یەك ڕێگەیان هەبێت بۆ دەرچون، ئەمە هۆکارێك بو بۆ ئەوەی زۆرترین خەڵکی گەرمیان لە شوێنێکی دیاریکراو کۆببنەوە و تاوەکو سوپاکە گەمارۆیان بدەن و دەستگیریان بکەن (قوربانی، 2014، 24).

ئەم شاڵاوە زۆرترین ژمارەی گوندی لە ناوچەکانی گەرمیان وێرانکرد(قسم الاعلام في المکتب السياسي للحزب الديمقراطي الکردستاني، 1989، 29) و ڕێژەیەکی زۆری خەڵکەکەیشی بێ سەرشوێن کرد بەبێ ڕەچاوکردنی ڕەگەز و تەمەن، تەنها لە ڕۆژی 14ی نیسانی 1988دا لە هەردو گوندی (ملەسورە) و (کوڵەجۆی حاجی حەمەجان) لەیەك کاتدا زۆرترین ژمارەی خەڵکی ناوچەکە کۆکرانەوە و دەستگیرکران بە ژن و منداڵ و پیر و گەنجەوە هەر بۆیە ئەم ڕۆژە لەهەمو ساڵێکدا کراوەتە ڕۆژی یادکردنەوەی تاوانی ئەنفال لە کوردستاندا(دزەیی2001، 108).

سەبارەت بە شوێنی کۆکردنەوەی خەڵکە دەستگیرکراوەکانی ئەنفالی سێیەمی گەرمیان چەند گوند و شارۆچکەیەك بەکارهاتن وەك (ملەسورە، مەیدان، فەقێ مستەفا، عەلی ئاوا و لەیلان) ئەم مەڵبەندانە لەلایەن کۆمەڵێك دەزگای سەربازی و حزبی و هەواڵگری و پۆلیسی نهێنی بەڕێوەدەچون و هەمو هەڵسوکەوت و جوڵەیەك لە ژێر کۆنترۆڵی ئەواندا بوە(دزەیی2001، 108).

بەپێی بەڵگەنامەیەکی حکومەتی عێراقی دوای کۆکردنەوەیان ژن و پیاو و منداڵ لەیەك جیاکرانەوە بەمجۆرە پیاوەکان بۆ فەرماندەی فەیلەقی چوار، ژنەکان بۆ فەرماندەی فەیلەقی سێ، منداڵەکان سەربازگەی مەشقی (الدروع) لەتکریت(القیادە العامە للقوات المسلحە، قیادە الفیلق الأول، 1988/4/23).

بەمجۆرە پرۆسەی ئەنفالی سێ بوە هۆی ڕوخان و وێرانبونی ژمارەیەکی زۆر لە گوندەکانی گەرمیان و لە ناوچونی سەروت و سامانێکی زۆری سروشتی و مرۆیی.

**دوەم: ئەنفالی گوندی ئۆمەربل**

1- گوندی (ئۆمەربل)یش یەکێکە لەو گوندانەی ناوچەی گەرمیان کە لەچوارچێوەی پرۆسەی ئەنفالی سێدا زەبری کوشندەی بەرکەوت و حکومەتی عێراقی بەچەندین قۆناغ هەوڵیداوە ئەم گوندە وێران بکات و دانیشتوانەکەی بگوازێتەوە بۆ کۆمەڵگە زۆرەملێیەکان لەیەکێك لە بەڵگەنامەکانی هەواڵگری حکومەتی عێراقەوە لە بروسکەیەکی نهێنی و بەپەلەدا ئاماژە بەوە دەکات لە 13ی5ی1987 نزیکە(450) خێزان ڕاگوازراونەتەوە بۆ کۆمەڵگەی زۆرەملێ (سمود) کە زۆربەیان خەڵکی گوندی (ئۆمەربل)ن (مدیریە استخبارات المنطقە الشرقیە، سریە فوریە، 1987/5/22) سەبارەت بە دەستپێکردنی پرۆسەی ئەنفالی گوندی (ئۆمەربل) لە بەرەبەیانی ٩ ی نیسانی 1988 بە سەرپەشتی ڕاستەوخۆی فەرماندەی (عەمید سامی) سەر بە فەیلەقی یەکی سوپای عێراق کە لە قۆڵەکانی (کفری، سەرقەڵا، کەلار) کە پیلانی سەرەکی یان گەمارۆدانێکی گەورەو فراوان بو، لەیەك کاتدا هێرش بۆ سەر گوندی ئۆمەربل دەستپێکرد(محەمەد، 2013، 72) و چواردەوری گوندەکە گەمارۆدرا و شەڕو پێکدادانی سەخت لە نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و سوپای عێراق ڕویدا(حاجی جەعفەر،12ی کانونی یەکەم2022)، پێشتر دەزگا هەواڵگرییەکانی عێراق، زانیارییان لەبارەی جوڵەی پێشمەرگەکانی ئەو گوندە پەیداکردبو، بەپێی بەڵگەنامەیەك کە لە ئەمنی هەولێرەوە ئاراستەی هەمو دەزگا ئەمنییەکان کراوە باس لە جوڵەی دو پێشمەرگەی گوندەکە بەناوەکانی (ئەکبەر حاجی ڕۆستەم ئامر مەفرەزە و عادل شوکر ئامر تیپی 51ی گەرمیان)دەکات، بەڵام هەردوکیان زانیارییەکانیان ڕەتکردەوە و ئاماژەیان بەوە کرد ئەو سەرچاوەی زانیارییەکانی بۆ دەزگا هەواڵگرییەکان ناردوە دروست نەبوە، (برقیە سریە فوریە، امن اربیل، کافە مدیریات امن الاقسام وشعب السیاسیە،1988/2/20)، هەروەها لەبەڵگەنامەیەکی دیکەدا باس لە جوڵەی هێزەکانی پارتیزانی پێشمەرگە دەکات و تۆمەتباریان دەکات بەوەی بەکرێگیراوی ئێرانین یەك لەوانە ناوی (ئەحمەد حاجی ڕەشید) کە یەکێك بوە لە پێشمەرگە پارتیزانەکانی گوندی ئۆمەربل هاتوە ئاماژە بەوە دەکات کەچەکی جۆری کلاشینکۆف و ڕومانەی دەستی پێیە(مرکز استخبارات کلار، سریە و فوریە،1990/1/14) دوای ڕودانی شەڕ و پێکدادان لە نێوان هێزەکانی پێشمەرگەی گوندەکە و سوپای عێراق بۆ ماوەی دو ڕۆژ شەڕ بەردەوام بو(دەوێش، 10ی تشرینی یەکەمی 2024)، لە ئێوارەی ڕۆژی دوەمدا هێزەکانی پێشمەرگە بۆیان دەرکەوت کە ماوەی بەرگریکردن لە توانای ئەواندا نەماوەتەوە، بۆیە بەناچاری پاشەکشەیان کرد بۆدەرەوەی گوندەکە(حاجی سەعید، 13ی تشرینی دوەمی 2024)و خەڵکی سڤیلی گوندەکە کەوتنە بەر پەلاماری دڕندانە و نامرۆڤانەی هێزەکانی سوپای عێراق کە لەژێر ئەشکەنجە و ئازاردا کۆکرانەوە(ئەحمەد، 15ی ئابی 2024) کە ژمارەیان (٢٥٤)کەس بون(خەبات "ڕۆژنامە" ژ(6308)، دو شەممە، 2022/4/11) بە ئۆتۆمبێلی سەربازی ڕەوانەی قەڵای قۆرەتو کران لەوێشەوە بەرەو تۆبزاوە(عەزیز،2ی شوباتی2022) و دوای پۆلێنکردنیان ڕەوانەی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی سەماوەو نوگرەسەلمان کران(دەروێش،6ی شوباتی 2022) بە گوێرەی قسەی شاهێدحاڵەکان و کەسوکاری ئەنفالکراوان چیرۆکی زۆر تراژیدی دەگێڕنەوە، یەك لەوانە گەردە محەمەدئەمین خەسرۆ لە چاوپێکەوتنێك لەگەڵ ڕۆژنامەی خەبات دەڵێت: "ژمارەیەکی زۆر لە خزم و کەسوکاری نزیکم کە دانیشتوی گوندەکەمان (ئۆمەربل) بون بەر شاڵاوەکە کەوتن لەو کاتەدا کە پرۆسەکە لەلایەن سوپای عێراق و جاشە بەکرێگیراوەکان ئەنجامدرا من لە شاری کفری بوم کوڕە گەورەکەم

بەناوی(ئیدریس) قوتابی بو بەمەبەستی چاودێریکردن و بەسەرکردنەوەی کوڕەکەم گوندەکەم بەجێهشتبو، کچەکانم ئامانەتی دەستی باوك و پورەکانی کردبو، کاتێك ڕەوشەکە تێکچو بەڕێکەوتم بەرەو گوندەکە بۆ دەربازکردنی کچەکانم، بەڵام چواردەوری گوندەکە گەمارۆ درابو هیچ دەرفەتێك بۆ ڕزگاربون نەمابو(خەبات، ژمارە6721، 14ی4ی2024).

هەروەها سدیق مەحمود عەلی موراد کە (22) کەس لە خێزانەکەی ئەنفالە و خۆیشی بەهۆی زۆری تەمەنی لە کۆتایی ساڵی 1988 بەر لێبوردنی گشتی کەوتوە و گەڕاوەتەوە، باس لەوە دەکات، کە لە نوگرە سەلمان هاوسەرەکەی هاتوە بۆ لای گوتویەتی: منیان لە ژوری کچەکان دەرکردوەتە دەرەوە، منیش داوام لێکرد بگەڕێتەوە بۆ لای کچەکان هەرچۆنێك بێت بەرگری لە کچەکان بکات و بەجێیان نەهێڵێت، ئیتر لەو کاتەوە هاوسەرەکەم ڕۆیشت و نەگەڕایەوە(ئەنفالستان، ژ8، 19ی1ی2011).

یەکێك لە مستەشارەکانی سنوری شاری کفری بەناوی(سەعید جاف) دەڵێت" ڕۆژێك بروسکەیەکم بۆ هات وتیان هەندێك کەس لەگەڵ خۆت بەرە و برۆ بۆ گوندی(ئۆمەربل) چەند پێشمەرگەیەکی لێیە دەستگیریان بکە، وتم باشە بەسەرچاو، بۆ ئەم مەبەستە ژمارەیەك چەکداری فەوجەکەم کۆکردەوە و چومە گوندی(ئۆمەربل) سەرەتا یەکێك لە پێشمەرگەکانی گوندەکە بەناوی(سەردار حاجی ڕەشید)م بینی، وتم برۆ بزانە پێشمەرگەکان داواکاریان چییە؟ ئەمە لە کاتێکدابو گەمارۆی گوندەکەمان دابو، دەرفەتی دەرچونیان نەبو، بە گرتنی هەریەك لەو پێشمەرگانە مەدالیایەکی ئازایەتیمان وەردەگرت، چونکە لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە ترسێکی زۆریان لەو پێشمەرگانە هەبو کە لە گوندەکە هەبون، دوای ئەوەی پرسیاری ژمارەی پێشمەرگەکانم کرد، وتیان لە نێوان 60 بۆ 80 پێشمەرگەن، بەڵام من ڕێگەم بۆیان کردەوە و تا ڕزگاربون (ئەنفالستان، ژ8، 19ی1ی2011).

بەم جۆرە گوندی ئۆمەربل بەشێوازێکی دڕندانە و دور لە هەمو بەهایەکی مرۆڤایەتی خەڵکەکە ڕەوانەی باشوری عێراق کران و لەوێ زیندەبەچاڵکران، لە خوارەوە ئامار و زانیاری سەبارەت سەرجەم ئەنفالکراوانی گوندەکە دەخەینەڕو ئەگەر سەرنج بدەینە خشتەکە، تێبینی ئەوە دەکەین کە ژمارەی قوربانیانی ئافرەت و منداڵ زیاترە لە ژمارەی پیاوەکان کە لە کۆی (254) کەس (143)یان لە ڕەگەزی مێیە لەو ژمارەیەش (25) لە ئافرەتەکان لە حاڵەتی (دوگیان)ی بونە، بەبێ ڕەچاوکردنی لایەنی تەندروستی و دەرونی بەپێی قسەی شاهێدحاڵەکان بەشێك لە ئافرەتە (دوگیان)ەکان لە نێو زیندانەکانی نوگرەسەلمان منداڵیان بوە بەبێ هیچ چارەسەرێکی پزیشکی توشی خوێنبەربون بونە و لەگەڵ منداڵەکانیان مردون و هەندێکیشیان هەر بە (دوگیان)ی زیندەبەچاڵکراون، ئەمەش دڕندایەتی و نامرۆڤایەتی سیاسەتی حکومەتی عێراقیمان بۆ دەردەخات سەبارەت بە کوشتن و لەناوبردنی هاوواڵاتی سڤیل بەهەمو شێوەیەك هەوڵی سڕینەوەی شوناس و ناسنامەی گەلی کوردی داوە بەبێ جیاوازی ڕەگەز، بەم جۆرە ژیان و ئاوادانی کۆتایی هات لەگوندی ئۆمەربل تاوەکو سەرهەڵدانی پرۆسەی ڕاپەڕینی 1991.

## ئاماری ئەنفالکراوانی گوندی ئۆمەربلی

| تێبینی | ئاستی خوێندەواری | ڕەگەز | ساڵی لەدایکبون | ناوی سیانی ئەنفالکراوان |
|---|---|---|---|---|
| | خوێندەوار | نێر | 1947/7/1 | علی حاجی فەرەج کاکەخان |
| | نەخوێندەوار | مێ | 1941/7/1 | ئامینە احمد محمد بارام |
| دوگیان | خوێندەوار | مێ | 1968/5/1 | نهیە عبدالقادر أحمد علی |
| | خوێندەوار | مێ | 1973/1/1 | قەمەر علی فەرەج کاکەخان |
| | خوێندەوار | مێ | 1975/1/1 | وەردە علی فەرەج کاکەخان |
| | نەخوێندەوار | مێ | 1977 | سمیرە علی فەرەج کاکەخان |
| | نەخوێندەوار | نێر | 1986/1/15 | حسین علی فەرەج کاکەخان |
| | نەخوێندەوار | مێ | 1987/6/6 | پەیمان علی فەرەج کاکەخان |
| | خوێندەوار | نێر | 1950 | جەلال فەرەج کاکەخان |
| | خوێندەوار | مێ | 1974 | زینب جعفر ڕۆستەم |
| | نەخوێندەوار | مێ | 1976 | سوراب جعفر ڕۆستەم |
| دوگیان | خوێندەوار | مێ | 1961 | جەوایەر ڕۆستەم محمد |
| | خوێندەوار | مێ | 1960 | گەوهەر ڕۆستەم محمد |
| دوگیان | نەخوێندەوار | مێ | 1970 | ئاوات سەمەد فەرەج |
| | نەخوێندەوار | مێ | 1932 | جیهان علی جاسم |
| | خوێندەوار | مێ | 1960/1/10 | سەبریە محمود یارە |
| | نەخوێندەوار | مێ | 1983 | تارا سەردار رشید |
| دوگیان | خوێندەوار | مێ | 1958 | لەولاو عبداللە محمد |
| | خوێندەوار | نێر | 1956 | سالار رشید فەرەج |
| | نەخوێندەوار | نێر | 1986 | هەورامان سالار رشید |
| دوگیان | خوێندەوار | مێ | 1966/1/1 | قەدری محمود یارە |
| | خوێندەوار | نێر | 1955 | بەکر سعید فەرەج کاکەخان |
| | نەخوێندەوار | مێ | 1956 | بسیمە محمد سلمان |
| | نەخوێندەوار | مێ | 1978 | پرشنگ بەکر سعید فەرەج کاکەخان |
| | نەخوێندەوار | مێ | 1980 | نەخشین بەکر سعید فەرەج کاکەخان |
| | نەخوێندەوار | مێ | 1981 | شنۆ بەکر سعید فەرەج کاکەخان |
| | نەخوێندەوار | مێ | 1983 | سنوبەر بەکر سعید فەرەج کاکەخان |
| | نەخوێندەوار | مێ | 1982 | شەهلە بەکر سعید فەرەج کاکەخان |
| | خوێندەوار | نێر | 1956 | سادق سعید فەرەج |
| دوگیان | نەخوێندەوار | مێ | 1957 | عەفاو عمر محمد حسن |
| | نەخوێندەوار | مێ | 1984 | پەخشان سادق سعید |
| | نەخوێندەوار | نێر | 1983 | هێمن سادق سعید |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | خوێندەوار | نێر | 1959 | جبار سعيد فەرەج كاكەخان |
| | نەخوێندەوار | مێ | 1980 | ژيان سادق سعيد فرج |
| | خوێندەوار | مێ | 1987 | شيلان سادق سعيد فرج |
| دوگیان | خوێندەوار | مێ | 1957 | شكريه سعيد أحمد |
| | خوێندەوار | مێ | 1983 | سروه ستار سعيد فرج كاكەخان |
| | خوێندەوار | نێر | 1985 | كاروان ستار سعيد فرج كاكەخان |
| | خوێندەوار | نێر | 1984 | سيوان ستار سعيد فرج كاكەخان |
| | خوێندەوار | نێر | 1986 | سەيران ستار سعيد فرج كاكەخان |
| | خوێندەوار | مێ | 1938 | غەزنه محمد حسن |
| دوگیان | خوێندەوار | مێ | 1972 | مەياس سعيد فەرەج كاكەخان |
| دوگیان | خوێندەوار | مێ | 1975 | شونم سعيد فەرەج كاكەخان |
| | خوێندەوار | نێر | 1940 | عومەر فەرەج كاكەخان |
| | خوێندەوار | مێ | 1939 | سعده رسول مستەفا |
| دوگیان | خوێندەوار | مێ | 1965 | حسيبه محمد علی سليمان |
| | خوێندەوار | مێ | 1971 | سبری عمر فەرەج كاكەخان |
| | خوێندەوار | مێ | 1972 | سدريه عمر فەرەج |
| | خوێندەوار | نێر | 1972 | پشتيوان عمر فەرەج كاكەخان |
| | نەخوێندەوار | نێر | 1979 | قارەمان عمر فەرەج كاكەخان |
| | نەخوێندەوار | نێر | 1984 | نەوشيروان عمر فەرەج كاكەخان |
| | نەخوێندەوار | مێ | 1985 | سنوبەر عمر فەرەج كاكەخان |
| | خوێندەوار | نێر | 1955 | فاتح نوری درويش |
| دوگیان | خوێندەوار | مێ | 1959 | رسميه علی محمد |
| | نەخوێندەوار | نێر | 1983 | كاروان فاتح نوری دەرويش |
| | نەخوێندەوار | نێر | 1984 | كارزان فاتح نوری دەرويش |
| | خوێندەوار | نێر | 1956 | تەها محمد أمين خسرەو |
| | خوێندەوار | نێر | 1971 | محمد حسن علی اغا |
| | مامۆستا | نێر | 1955 | جلال حسن علی اغا |
| | مامۆستا | مێ | 1955 | حمديه مجيد محمد |
| | نەخوێندەوار | مێ | 1980 | بيان جلال حسن |
| | نەخوێندەوار | نێر | 1981 | ديلمان جلال حسن |
| | نەخوێندەوار | مێ | 1985 | نيسان جلال حسن |
| | نەخوێندەوار | مێ | 1988 | نونه جلال حسن |
| | نەخوێندەوار | نێر | 1983 | ئالان جلال حسن |
| | نەخوێندەوار | نێر | 1986 | هەڵمەت عمر حەمە ساڵح |
| | نەخوێندەوار | نێر | 1955 | عەزيز حەمە جان فەرەج |
| | خوێندەوار | نێر | 1957 | محمد حسين كاكە حەمە |
| | خوێندەوار | نێر | 1954 | سعيد حسين كاكە حەمە |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| محمد أمين سەمين على | 1956 | نێر | نەخوێندەوار | |
| سەبری نوری سەمين على | 1962 | مێ | خوێندەوار | |
| بناز محمد امين سەمين | 1985 | مێ | نەخوێندەوار | |
| سەيوان محمد امين سەمين | 1986 | نێر | نەخوێندەوار | |
| شاخەوان محمد أمين سەمين | 1988 | نێر | نەخوێندەوار | |
| سۆبيه امين سەمين | 1945 | مێ | نەخوێندەوار | |
| حەمە أمين أحمد نەزەر | 1933 | نێر | خوێندەوار | شاعير |
| حەسەن حەمە ئەمين احمد | 1960 | نێر | مامۆستا | |
| هيجران حەمە ئەمين احمد | 1956 | نێر | خوێندەوار | |
| سەرطوڵ احمد مەجيد | 1963 | مێ | نەخوێندەوار | |
| هيرۆ هيجران حەمە ئەمين | 1984 | مێ | نەخوێندەوار | |
| ئاكۆ هيجران حەمە ئەمين | 1985 | نێر | نەخوێندەوار | |
| سروه هيجران حەمە ئەمين | 1987 | مێ | نەخوێندەوار | |
| خاوەر سابير أمين ڕۆستەم | 1963 | مێ | نەخوێندەوار | |
| سعيد نوری سمين | 1957 | نێر | نەخوێندەوار | |
| زينب حەمە امين خسرەو | 1960 | مێ | نەخوێندەوار | |
| شەماڵ سەعيد نوری | 1981 | نێر | نەخوێندەوار | |
| شنۆ سەعيد نوری | 1980 | مێ | نەخوێندەوار | |
| خێلان سەعيد نوری | 1983 | مێ | نەخوێندەوار | |
| شيلان سەعيد نوری | 1984 | مێ | نەخوێندەوار | |
| بۆكان سەعيد نوری | 1982 | مێ | نەخوێندەوار | |
| شەونم سەعيد نوری | 1985 | مێ | نەخوێندەوار | |
| شەوبۆ سەعيد نوری | 1985 | مێ | نەخوێندەوار | |
| محمد نوری سمين | 1964 | نێر | خوێندەوار | |
| اختر بهادين فەرەج | 1965 | مێ | نەخوێندەوار | دوگيان |
| فەريده نوری سمين على | 1982 | مێ | نەخوێندەوار | |
| خاڵە نوری سمين على | 1980 | مێ | نەخوێندەوار | |
| كاڵە نوری سمين على | 1982 | مێ | نەخوێندەوار | |
| مەولود على تۆفيق | 1956 | نێر | خوێندەوار | |
| عورفى ابراهيم اسماعيل احمد | 1958 | مێ | نەخوێندەوار | |
| سۆيله مولود على | 1981 | مێ | نەخوێندەوار | |
| ليلى مولود على | 1984 | مێ | نەخوێندەوار | |
| بۆكان مولود على | 1985 | مێ | نەخوێندەوار | |
| خەمبار مولود على | 1987 | مێ | نەخوێندەوار | |
| ديار مولود على | 1987 | نێر | نەخوێندەوار | |
| مينا محمد حسن عارف | 1954 | مێ | نەخوێندەوار | دوگيان |
| گۆران عەدنان حەمە امين | 1981 | نێر | نەخوێندەوار | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| کاروان عەدنان حەمەأمین أحمد | 1984 | نێر | نەخوێندەوار | |
| سۆران عەدنان حەمەأمین أحمد | 1985 | نێر | نەخوێندەوار | |
| نەجیبە عەدنان حەمەأمین أحمد | 1982 | مێ | نەخوێندەوار | |
| حسیبە عەدنان حەمەأمین أحمد | 1983 | مێ | نەخوێندەوار | |
| جەمال محمد خواکەرەم | 1961 | نێر | مامۆستا | |
| مەحبوبە أحمد سعید | 1947 | مێ | نەخوێندەوار | |
| بەهار رشید عباس | 1950 | مێ | نەخوێندەوار | دو گیان |
| نەجمە رشید عباس | 1963 | مێ | نەخوێندەوار | |
| حسن رشید عباس | 1961 | نێر | خوێندەوار | |
| شرین احمد رشید عباس | 1973 | مێ | خوێندەوار | |
| گۆران احمد رشید عباس | 1980 | نێر | نەخوێندەوار | |
| ئەمینە احمد رشید عباس | 1982 | مێ | نەخوێندەوار | |
| ڤەرژین احمد رشید عباس | 1983 | مێ | نەخوێندەوار | |
| کوێستان احمد رشید عباس | 1985 | مێ | نەخوێندەوار | |
| بێخاڵ احمد رشید عباس | 1987 | مێ | نەخوێندەوار | |
| سنوبر حسن رشید عباس | 1985 | مێ | نەخوێندەوار | |
| نەزمیە عبدالکریم جوامێر | 1960 | مێ | خوێندەوار | |
| سەبریە محمد أمین عبدالله | 1938 | مێ | نەخوێندەوار | |
| جمعە مەدحەت غفور | 1960 | نێر | خوێندەوار | |
| ڕۆستەم مەدحەت غفور | 1972 | نێر | خوێندەوار | |
| برزۆ مەدحەت غفور | 1974 | نێر | نەخوێندەوار | |
| سەروەت مەدحەت غفور | 1976 | نێر | نەخوێندەوار | |
| شکریە مەدحەت غفور | 1961 | مێ | نەخوێندەوار | |
| حەمدیە سدیق محمود علی | 1963 | مێ | نەخوێندەوار | |
| بەهیە علی کاکەمەند | 1968 | مێ | خوێندەوار | دوگیان |
| ئاشتی جمعە مەدحەت | 1984 | مێ | نەخوێندەوار | |
| شاهۆ جمعە مەدحەت | 1986 | نێر | نەخوێندەوار | |
| دەشتی جمعە مەدحەت | 1988 | نێر | نەخوێندەوار | |
| محمد هیدایەت دەرویش | 1962 | نێر | خوێندەوار | |
| سەبیحە حسێن ڕۆستەم | 1966 | مێ | خوێندەوار | دوگیان |
| شاباڵ محمد هیدایەت | 1986 | نێر | نەخوێندەوار | |
| قەیوان محمد هیدایەت | 1987 | نێر | نەخوێندەوار | |
| فایق خورشید عبدالقادر | 1960 | نێر | مامۆستا | |
| ئالآ مجید ابراهیم | 1963 | مێ | نەخوێندەوار | دوگیان |
| فتاح ابراهیم عبدالقادر | 1955 | نێر | خوێندەوار | |
| حسن ابراهیم عبدالقادر | 1964 | نێر | نەخوێندەوار | |
| سیوە أحمد حەمە علی | 1959 | مێ | نەخوێندەوار | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | نەخوێندەوار | نێر | 1984 | سوارە فەتاح ابراهیم |
| | نەخوێندەوار | نێر | 1985 | علی فەتاح ابراهیم |
| | نەخوێندەوار | مێ | 1988 | شیلان فەتاح ابراهیم |
| | نەخوێندەوار | مێ | 1988 | ساهرە ابراهیم عبدالقادر |
| | خوێندەوار | نێر | 1956 | محمد مەجید عبدالقادر |
| | نەخوێندەوار | مێ | 1988 | بۆکان محمد مەجید |
| | نەخوێندەوار | مێ | 1940 | سوڵتان محمد جوامێر |
| | خوێندەوار | نێر | 1973 | علی أحمد حسن محمد رسول خانە |
| | نەخوێندەوار | نێر | 1974 | عوسمان أحمد حسن محمد رسول خانە |
| | نەخوێندەوار | نێر | 1975 | ابوبکر أحمد حسن محمد رسول خانە |
| | خوێندەوار | مێ | 1972 | لەمیعە أحمد حسن محمد رسول خانە |
| | نەخوێندەوار | مێ | 1980 | نازدار أحمد حسن محمد رسول خانە |
| | نەخوێنەوار | مێ | 1983 | نیگار أحمد حسن محمد رسول خانە |
| | خوێندەوار | نێر | 1962 | بورهان حمید حسن خانە |
| دوگیان | نەخوێندەوار | مێ | 1964 | ئەدیبە حمید حسن خانە |
| | خوێندەوار | نێر | 1975 | کامەران حمید حسن خانە |
